Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)
TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.36

# هەژمون و ململانێ ی موسافیریەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (ئازربێجان) لە ماوەی ساڵانی (٣٣٠-٣٥٠ك/٩٤١-٩٦١ز)

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Sahrkar Ali Omer
Sarkarali24@gmail.com

RECEIVED :03 /06/2025
ACCEPTED :22/10/ 2025
PUBLISHED :15/12/ 2025

**سەرکار علی عمر/** بەشی مێژوو ,کۆلێژی ئاداب,زانکۆی سەلاحەددین-هەولیر,هەریمی کوردستان,عێراق
**قادر محمد حسن/**بەشی مێژوو ,کۆلێژی ئاداب,زانکۆی سەلاحەددین-هەولیر,هەریمی کوردستان,عێراق

## پوختە

کوردستان بە درێژایی مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست کەوتۆتە ژێر کاریگەری هێرش و ململانێی ڕەگەز و هێزە جیاوازەکان، ئەمەش لە کاتێکدابوو کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی لاوازی دەسەلات و دامەزراوەکانی خیلافەتی عەباسی بوو، بارودۆخی خیلافەت بەشێوەیەک بوو کە هەرپارچەیەکی خاکەکەی کەوتبووە دەست هێز و نەتەوەی جیاواز بەبێ ئەوەی کەسیش ڕێگر بێت، هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هیچ شتێک لەدەست خەلیفە نەما بۆوە خیلافەت بەهای خۆی لەدەست دابوو، ئەو بارودۆخەش ڕێگای خۆشکرد وەکو چۆن بەشەکانی تری خیلافەت لەدەست هێز و لایەنی تر بوو ناوچە کوردنشینەکانیش لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایەتی کردنی خیلافەت بوونە بەشێک لەو ڕووداوانە و مەیدانی جەنگە یەک یەک لەدوای یەکەکانی ئەو هێزانەی کە لەو سەردەمە بڕیاری فروانکردنی سنوری دەسەڵاتەکەیان داوە یەکێک لەو هێزانەش هاتنی موسافیریەکان بوو بۆ هەرێمی چیاو ئازەربێجان و چەند ناوچەیەکی تری کورد نشین ڕۆڵ و کاریگەری ململانێکانی ئەو هێزانەش لەسەر کوردو ناوچە کوردنشینەکان یەکێکە لەبابەتە زیندووەکانی نێو مێژووی کوردە بەتایبەتی لە مێژووی خیلافەتی عەباسی کە تا ئەمڕۆش کورد کاراکتەری بەشێکی زۆر لە ململانێکان بووە جا بەویست و ئارەزوومەندانە بێت یان نا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بەشێکی زۆری ڕووداوەکان، بۆیە چوارچێوەی باسەکەمان تایبەتکراوە بە بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان هاوتەریب لەگەڵی ڕۆڵ و کاریگەری ڕووداوەکان دەخەینە ڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:**
کوردستان
ئازربێجان
دەیلەم
کورد
موسافیری

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

یەکێک لە قۆناغە هەرە گرنگەکانی مێژووی کورد لەچوارچێوەی فەرمانڕەوایەتی خیلافەتی عەباسیەکان(132-656ک/749-1258ز) سەدەی چواری کۆچی/دەیەمی زاینی بوو، کە سەردەمی خۆ سەپاندن و هەژموونی هێزەکانە لە پێناو گەیشتن بە مەرامە سیاسیەکانیان و ئەو ئامانجەی کە لەسەردەمانی زووترەوە هەوڵیان بۆ دەدا، کوردستانیش وەک بەشێک لەم بارودۆخە لەبەر زۆر هۆکاری جیا جیا بەدەر نەبوو لەو چاوتێبڕین وململانێیەی هێزە داگیرکەرەکان. هێرشەکانیش بۆ کوردستان بەشێوەیەکی گشتی دووجۆر بوون بەشێکیان بەتایبەت و بەمەبەست بۆ ناوچە کوردنشینەکان ئەنجامدراون بەشێکیشیان لە میانەی هێرشکردنە سەر جیهانی ئیسلامی یان وەکو شوێنێک دەکەوێتە سەر ڕێ ی داگیرکەرەکان کوردستانیشی وەک بەشێک لەم چوارچێوەیەدا گرتوتەوە، هەرچۆنێک بێت شوێنەواری زۆرێک لەو هێرشانەش ئەوەندە دیار و بەرچاون ئەوەندە دەهێنێ و گرنگە شیکارکردنیان بۆ بکرێت و لێکوڵینەوەیان لەبارەوە بکرێ هەروەها زەمینەی سەرهەڵدان و هاتنە جۆراوجۆرەکانیان شرۆڤە بکرێت کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەماندا بە وردی باسی لێوە دەکەین.

**ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە پەیبردن بەبنەچەو دەرکەوتنی هێزی بنەماڵەی موسافیری و هاتنیان بۆ چەند ناوچەیەکی کوردستان و ئەو کاریگەری و ئەنجامانەی لە ماوەی حوکمڕانیان لەوێندەرێ کەوتۆتەوە، گرنگیەکەی لەوەدایە لەلایەک تیشک دەخاتەسەرناساندنی ئەو هێزە بەر لە هاتنیان بۆ کوردستان کە ئەویش خۆی دەبینێتەوە لە بنچینەو ڕەچەڵەکی موسافیریەکان، لە لایەکی ناوەڕۆکی بابەتەکە تەرخان کراوە بە لێکۆڵینەوە لە پەرەسەندنە سیاسیەکانی کوردستان لەبەردەم هێرشی دەسەڵاتێکی وەکو موسافرییەکان کە چۆن لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارمی کۆچی/ دەیەمی زاینی، جگە لە خستنە ڕووی بارودۆخی ناوچە کوردنشینەکان دواتر بەووردی هێرشەکانیانمان خستۆتە بەر باس لە هەرێم و شارە کوردییەکان دواجار شێوازی هێرشەکانیان و هاتنیان بۆ کوردستان شرۆڤە کراوە لەهەریەک لە ڕووداوەکانیش هەڵوێستی خیلافەت و سەرکردە و فەرمانڕەوایانی کورد بەگشتی و خەڵکی ناوچەکەش بە تایبەتی ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتاییشدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان خستۆتە ڕوو.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

١.هەلومەرجی هەرێمی ئازربێجان لەسەروبەندی هاتنی موسافیریەکان چۆن بوو؟

٢.بنچینەو پێشینەی بنەماڵەی موسافیریەکان چۆن دەکرێ ڕوونبکرێتەوە؟

٣.کاریگەری موسافیریەکان لەسەر دۆخی سیاسی و کارگێڕی ناوچە کوردییەکانی بن دەستیان چی بووە؟

**بەشەکانی توێژینەوەکە:** توێژینەوەکەمان جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و کۆمەڵێ پەراوێزی گرنگ لە دوو تەوەری سەرەکی پێکهاتووە، تەوەری یەکەم بریتیە لە بارودۆخی سیاسی خیلافەتی عەباسیەکان و زەمینەسازی بۆ دەرکەوتنی هێزێکی نوێ ئەویش بەسەر چەند باسێک دابەش کراوە کە پێمان وابووە بۆ زیاتر بەهێزبوونی توێژینەوەکەمان و تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەمان گرنگی خۆیان هەیە، یەکێک لەو باسانە دیاریکردنی سنوری جوگرافیای هەرێمی ئازەربێجانە لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی چونکە لەکاتی هاتنی موسافیریەکان ئەو هەرێمە چەقی ململانێکان بوو، لە دواتردا ڕەچەڵەکی موسافیریەکان و سەرەتای هاتن پەرەسەندنیانمان لەناوچەکە بە وردی خستۆتە ڕوو.

تەوەری دووەمی توێژینەوەکەمان بریتیە هەرێمی ئازەربێجان لەبەردەم هێرشی موسافیریەکان دواتر هەرلەپێناو بەهێزی و خزمەت کردن بە ناوەڕۆکی بابەتەکە دابەشمان کردووە بەسەر چەند باسێکی پەیوەست بە بابەتەکە لەوانە سەردەمی بەهێزی موسافیریەکان و کوردستان لە ژێر ململانێ ی ناوخۆیی موسافیریەکان مژاری ئەم تەوەرەمانە، لە کۆتایی باسەکەماندا بە کاریگەری و لێکەوتەکانی ئەم ململانێ ناوەخۆییەی موسافیریەکان کۆتاییمان بە توێژینەوەکەمان هێناوە.

## 1- بارودۆخی سیاسی خیلافەتی عەباسی و زەمینەسازی بۆ دەرکەوتنی هێزێکی نوێ

### 1-1 ناساندنێکی جوگرافیانەی ئازربێجان و پێگەی کورد لەوێ

مێژوونوسان بە گشتی و گەریدەو وولاتناسانی عەرەب بەتایبەت بیروڕای جیاوازیان هەبووە سەبارەت بەهەرێمی ئازەربێجان ئەوەی پەیوەندیدارە بە بوونی کورد لەم هەرێمە هەر لەگەڵ سەرەتاکانی فتوحاتی هەرێمەکە و سەردەمانی دواتریش کورد ناوی هاتووە (البلاذري، 1988م، ص317؛ ابن حوقل، 1938م، ج2، ص336).

هەڵکەوتەی جوگرافی هەرێمەکە لەبەشی باشوری هەرێمی چیاو عێراق و بەشێک لەجەزیرەیە، لەلای ڕۆژئاوای ئەرمینیاو گورجستانە، لەڕۆژهەلاتی جیل و ولاتی دەیلەمە، سەبارەت بە سنوری باکوری بە ڕووباری رس(آراس) دەستپێدەکات و چیکانی قەوقاز و ئاران دەکەوێتە ئەو بەشەی باکوری(النقشبندي، 2012م، ص37) بە درێژایی مێژوو لەسەردەمە جیاوازەکان گەریدەکان ئاماژەیان بەو ناوچانە کردووە کە کورد پێکهاتەیەکی سەرەکی و گرنگ بووە تێیدا (الاصطخري، 2004م، ص181، 182؛ المقديسي، 1991م، ص52) هەروەها سەبارەت بە وولاتناسانی سەدەی چوار لەوانە ئیبن حەوقەل باسی بارودۆخی شاری اشنە دەکات هەزبانیەکان(293-656ک/905-1258ز) بە کوردە نێشتەجێ بوەکانی ئەو شوێنە دادەنێت (ابن حوقل، 1938م، ج2، ص336)، کە توانیان لەم شارە ڕۆڵی بەرچاویان هەبێت لەلایەنی سیاسی و کارگێڕی(گوانی، ٢٠٢٤ز، لا١٠٥).

هەرسەبارەت بە ڕۆڵ وپێگەی کورد لەم هەرێمە ئاماژە بە شارێکی تری کوردنشین دەکات کە مەراغەیە هەڵکەوتەی جوگرافی ئەو شارە دەکەوێتە باشوری تەورێز و ڕۆژهەلاتی دەریاچەی ورمێ ئیبن حەوقەل لە وەسفی ئەم شارە جەخت لە بەپیتی خاکەکەی دەکاتەوە کە جۆرەها بەروبومی لێ بەرهەم هاتوە، ئەوەی گرنگە ئاماژەی بە پێگەی کورد کردووە کە ئەو شارە کوردە هەزبانیەکانی لێ نیشتەجێ بووە (ابن حوقل، 1938م، ج2، ص336؛ النقشبندي، 2012م، ص51) یەکێکی تر لەو شارانەی کوردی تێدا نیشتەجێ بووە تەبرێزە کە گەریدەکانی سەدەی چواری کۆچی ئاماژەیان پێکردووە بەشارێکی گەورە باسیان کردووە، بابەتی گەورەو بچوکی شارەکان ڕەنگە زیاتر پەیوەندی هەبێت بەو سەردەمەی کە ئەو مێژوو نوسوو گەریدانە ئەو شوینەیان بینیبێت یان باسیان کردبێت ئەوەتا شاری خوی گەریدەکانی سەدەی چواری کۆچی بە شارێکی بچوک و تاڕادەیەک مامناوەند وەسفیان کردووە (الاصطخري، 2004م، ص181، 182) بەڵام هەمان شار لەسەردەمانی دواتر و گەریدەی تر بە شارێکی فراوان و گەورە ناوی هاتووە جۆرەها بەروبومی تێدا بەرهەم هاتووە (یاقوت الحموي، 1995م، ج1، ص128).

سەبارەت بە شاری سەلماس کە کوردە هەزبانیەکان تێیدا نیشتەجێ ببون، لەکتێبی یەکێک لە مێژوو نوسەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی ناوی جەعفەری کوڕی شکۆی کوردی دەهێنێت کە فەرمانڕەوای کوردەکانی ئەو شارە بوو (مسکویە، 2000م، ج6، ص98) وەهەروەها گەریدەو مێژوو نوسانی سەدەکانی دواتر ناوی کۆمەڵێک گەورەشاری تر دەهێنن کە سنوری ئەو هەرێمە پێکدەهێنن لەبەناوبانگترینیان( ئەردەبیل، مەرەند، مەراغە، ئورمیە) (یاقوت الحموي، 1995م، ج1، ص128).

### 2-1 لاوازی خیلافەتی عەباسی و دەرکەوتنی موسافیریەکان

بەر لەدەستپێکردنی ئەو باسەی کە تەرخانکراوە بە هاتنی موسافرییەکان و ڕۆڵ و کاریگەریان لە ناوچەکانی کوردستان، دەبێت ئاماژە بەو ڕاستیە مێژووییەی بارودۆخی خیلافەتی عەباسی بکرێت کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی٤ک/١٠ز پێیدا تێپەڕی، ئەویش سەردەمی لاوازی خیلافەت و داتەپینی کایەکانی دەوڵەت بوو لەو سەردەمە مەسعودی پەیوەست بە باسی خەلیفە کە هۆکاری سەرەکی بووە لە تێکچونی ڕەوشی خیلافەت و ئەو پشێوی و ناهەمواری و پەرتەوازەییەی بەرۆکی خیلافەتی گرتبوو دەڵێ: لە کاروباری خیلافەتەکەی لەدەستی وەزیرو نوسەرەکانی بوو حەزی لە سیاسەت نەبوو زیاتر خەریکی ڕابواردن بوو، بەم هەڵسوکەوتانەشی گورزێکی گەورەی لە پێگەی خیلافەتتدا (المسعودي، 1431هـ ج1، ص328).

مێژوونوسێکی تر لەباسی ئەو سەردەمەو شێوازی فەرمانڕەوایی خەلیفەو خراپی باروودۆخی خیلافەت دەڵێ خەلیفە زۆربەی لایەنەکانی خیلافەتی فەرامۆش کردبوو دەسەڵاتەکان لەدەستی خۆی نەمابوو بەشێکی زۆری داهاتیش بە فیڕو

دەڕۆیی ((أَهْمَلَ مِنْ أَحْوَالِ الْخِلَافَةِ كَثِيرًا،)) دواجار چواردەورو کەسە نزیکەکانیشی لە گوێڕایەڵی خەلیفە نەمان (ابن الأثير، 1997، ج6، ص771) گومانی تێدا نیە لەم سەردەمە لاوازی بەفیڕۆدانی سامانی وەڵات ببوە سیمای دەسەڵاتی خیلافەت (ابن دقماق، 1985م، ج1، 148-150) دەسەڵات زۆربەی کایەکانی کەوتبووە ژێردەسەڵاتی تورکەکان (Muire, p570). خراپ بەڕێوەبردنی خیلافەت لەسەردەمی خەلیفەی دواتریش بەردەوامی هەبوو هەروەکو باس لە بێباکی و خوێنڕێژی خەلیفە القاهر بالله(٣٢٠-٣٢٣ک/٩٣٢-٩٣٤ز)کراوە کە کەسێکی نادادپەروەر و خۆشەویستی کۆکردنەوەی پارە و سەرنەکەوتوو لە سیاسەتتدا یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بووە (الأزدي، 1999م، ج2، ص400).

بێگومان ئەو ڕەوشە نالەبارە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ و ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ ئەوەی لە ناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی خیلافەتی عەباسی هێز و دەسەڵاتی نوێ دەرفەت بقۆزنەوە بۆ نمونە هاتنی هێزێکی وەکو زەیاریەکان (315-470ک/928-1077ز)بەسەکردایەتی مەرداویج بن زیار [١] و ململانێ ی سامانیەکان [٢] لەلایەکی تر یەکێک لەو هێزانەش موسافیریەکانن (سالاریەکان) کە توانیان دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمی ئازەر بێجان بچەسپێنن، لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی کوردیش کە پێکهاتەیەکی سەرەکی ئەو هەرێمە بوون کەوتنە بەر شاڵاوی ئەو داگیرکاریە، بەڵام لەسەرەتای باسەکەماندا ئاماژە بارودۆخی ئەو هەرێمە دەکەین بەر لە قوڵبوونەوەمان بۆ کرۆکی ڕووداوەکان.

### 1-3 ڕەوشی سیاسی ئازەربێجان بەر لەهاتنی موسافیریەکان

بنەماڵەی ابو الساج و دوو کوڕەکەی (محەممەد و یوسف) کە لە خزمەتی بەشێک لە خەلیفە عەباسییەکان فیرقەیەکی سەربازییان لە سوپای عەباسیدا پێکهێنا، زۆر لە ئەرکە سەربازییەکان کە پێیان سپێردرابوو سەرکەوتوانە جێبەجێیانکرد، ڕۆڵێکی باشی سیاسی و سەربازییان بینی تا ئەو کاتەی دەسەڵاتیان گرتە ئەستۆ لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و هەرێمی چیا لە ماوەی نێوان ساڵانی (276-315 ک) (زامباور، 1980م، ص27).

دارمانی بنەماڵەی (ألساجية) لە ئازەربێجان دوای کوشتنی یوسف ابی الساج لەسەردەستی قەرامیتەکان لەساڵی (٣١٥ک/٩٢٧ز) (ابن الاثير، 1997، ج6، ص711)، بووە هۆکاری درووست بوونی بۆشایی سیاسی لە دەسەڵات و بارودۆخی ئازەربێجان بەرەو ئاژەو بێخاوەنی ڕۆیشت دەرفەت درووست بوو بۆ قۆستنەوەی باروودۆخەکە بەهۆی لەبەریەک هەڵوەشانی ڕیزەکانی سوپا، ئەم داڕوخانەی دەسەڵاتیش بووە هۆکارێکی یارمەتیدەر کە ئەو هێزو کەسایەتیانەی بە ئاواتی داگیرکردنی ئەو ناوچە بوون دەست بە چالاکی بکەن لەوانە (أبو المسافر الفتح بن محمد بن أبي ألساج) کە بەویست و ڕەزامەندی و ئاگاداری خەلیفە المقتدر بووە فەرمانڕەوای ئازەربێجان، بەڵام سەرەتا یوسف باڵا دەستی ناوچەکانی ڕەی بوو دوای چەند گرژی و ناکۆکیەک لەگەڵ خەلیفە نێوانی تێکچوو و دەستگیرکرا، دوای ئازاد بوونی لە ساڵی(٣١٣ک/٩٢٥ز)هەمەدانی داگیرکرد دواتر لەساڵی (٣١٥ک/٩٢٧ز) کوژرا، ئینجا کوڕەزاکەی بەناوی (أبو المسافر الفتح بن محمد بن أبي ألساج) بە فەرمی لەلایەن خەلیفە کرایە فەرمانڕەوای ئازەربێجان تاوەکو لەلایەن یەکێک لە هاوەڵەکانی لە ساڵی(٣١٧ک/٩٢٩ز) لە ئەردەبیل ژەهر خوارد کرا (Madelung, p231) ڕەنگە ئەو بنەماڵە جگە لەو ڕۆڵە سیاسیە گرنگەی هەیانبووە جومگە ئابوریەکانیشیان کۆنترۆل کردبێت هەر ئەوەش هۆکار بوبێت کە دوای ئەو ڕووداوە (مفلح المسافري) دەسەڵات دەگرێتە دەست و بەردەوامی بە حوکمڕانیەکە دەدات بەبەڵگەی ئەوەی ناوی لەسەر دراوی ئەوکاتە هاتووە (.Madelung, op, cit, P232) هەروەها زۆربەی ئەو دەسەڵاتە خۆجێیانەی ئەو سەردەمە کە درووست دەبوون ڕاستەوخۆ سوودیان لەدەسەڵاتی هۆزایەتی و خۆڕێبەری دوورە دەستی لە خیلافەتی عەباس وەردەگرت و مەرام ویستی جیاخوازی خۆیان لەم چوارچێوە بەرجەستە دەکرد.

لە ساڵی (٣٢٥ک/٩٣٦ز) فەرمانڕەوای ئەو سەردەمەی موصڵ چەند کەسایەتیەکی ناردە ئازەربێجان تاوەکو دەست بەسەر ئەو ناوچەیە دابگرێت، بەڵام پێناچێت سەرکەوتنی بەدەست هێنابێت بۆیە ئەم باروودۆخە بەردەوام دەبێت تاوەکو (دەیسەم کوڕی ئیبراهیمی کوردی) لە ساڵی (٣٢٦ک/٩٣٧ز) بەتەواوی جڵەوی دەسەڵاتی لە ئازەربێجان وەرگرت (التنوخي، 1978م، ج4، ص166، حسن، 2011م، ص26).

## 4-1 ڕەچەڵەکی موسافیریەکان و چۆنیەتی دەرکەوتنیان

لە بنەچەدا بنەماڵەیەکی دەیلەم بوون، دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوون لە دەست بەسەر داگرتنی قەڵای (الطرم) سەر بەناوچەکانی قەزوین دەستیانکرد بە گەشەسەندن (ابن الاثیر، 1997م، ج6، ص737 ؛ السيد المحسن، 1983، ج2، ص224؛ الكرباسي، 2010م، ص169) وەهەروەها لەئەنجامی بوونی ناکۆکی ناوەخۆ لەنێو ئەو بنەماڵە دەیلەمیە ڕێگا خۆشکەر بوو بوار ڕەخسا بۆ پەرەسەندن و سەرهەڵدان وزەقبوونەوەی بەرەیەک بەناوی (بنو المسافر) یان (بنو السلار- الكنجريون) (المسعودي، 1409هـ ج1، ص229؛ ابن خلدون،1981م، ج4، ص502؛ السيد، 1972م، ص181-183) وەهەروەها ئەمەش بەسەرەتای دەرکەوتنی بنەماڵەی موسافریەکان دادەنرێت لە گۆڕەپانی ڕووداوەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی، شایانی باسە محمد کوڕی موسافر باپیرەی ئەم بنەماڵەیە و نازناوی (السلار) ی لێنراوەو ناوی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو (مسعر بن مهلهل، د.ت، ص44؛ ابن خلدون،1981م، ج4، ص637؛ زامباور، 1980م، ص275) ناوی ڕەسەنی محمد بن موسافیر، دامەزرێنەری بنەماڵەی موسافیر، سالار بوو، هەر لەبەر ئەم هۆکارەش ئەو بنەماڵەیە بە "سالاریان"یش ناودەبرا. "کەنگەریان" ناوێکی ترە کە ئەم بنەماڵەیەی پێناسراون چونکە یەکێک لە باپیرە بەناوبانگەکانیان ناوی کەنگەر بووە.(شاهمرادی،1395، ص120)

محمد کوڕی موسافر سەرەتای دەسەڵاتەی لە قەڵای (الطرم) و سمیران بوو لەناوچەی دەیلەم، وەهەروەها ئەو شوێنانەشی وەکو ناوەندێک بەکارهێنا بۆ فراوانکردنی فەرمانڕەوایەتیەکەی و تابەشێکی زۆری ئەو ناوچانەی لەژێر دەسەڵاتی بنەماڵەیەکی تری دەیلەمی دەرهێنا کە پێشتر لەو ناوچە باڵا دەست بوون (مسعر بن مهلهل، د.ت، ص43-44؛ بوزوروف، 1995م، ص133-134) یەکێک لە ڕکابەرە بەهێزەکانی ئەو سەردەمەی بنەماڵەی موسافریەکان اسفار بن شیرویە بوو [٣]، کە چاوی لەدەست بەسەرداگرتنی موڵک و ماڵی موسافیریەکان بوو لە ناوچەی الطرم بۆیە یەکێک لەسەرکردە بەناوبانگەکانی خۆی نارد بەناوی مەرداویج بن زیار بۆ لای محمد بن موسافر کە نازناوی السلار بوو خاوەنی قەڵای الطرم و سمیران بوو لە خاکی دەیلەم بۆ ئەوەی بچێتە قەڵاکە و ناوچەکەیان لەژێر دەسەڵات دەربهێنێت بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەک قەڵاکەی گەمارۆدا جۆرە ڕێککەوتنێک هاوپەیمانیەک لە نێوانیان کرا کە بەیەکەوە هێزەکانیان یەکبخەن و ڕووبەڕووی ئەسفار بن شیرویە ببنەوە (المسعودي، 1409هـ ج4، ص282).

دوای ئەوەی مەرداویج و محمد کوڕی موسافر لەگەڵ ئەسفار شیرویە لەساڵی (٣١٦ک/٩٢٨ز) کەوتنە جەنگەوە و گەیشتنە قەزوین، ئەسفار لەبەر ئەو هاوپەیمانیەی دژی کراوە هەستی بە مەترسی جەنگەکە کرد و دڵنیا بوو لە شکست هێنان بەرامبەریان و لەو جەنگەدا خۆشی لە پێگەیەکی زۆر لاواز بینیەوە چونکە نە هاوپەیمانێکی هەبوو نە کەسیش یارمەتی دەدا (المسعودي، 1409هـ ج4، ص283؛ ابن الاثیر، 1997م، ج6، ص730؛ ابن خلدون،1981م، ج4، ص573؛ Madelung, p212)

ئەو هاوپەیمانیە بەهێزەی مەرداویج و موسافریەکان اسفاری دووچاری شکستەکی گەورە کردو بەتایبەت دوای ئەوەی کە تەنانەت سەربازەکانی خۆیشی لێ ی هەڵگەڕانەوە و بەرەکانی جەنگیان چۆڵکرد و اسفاریش لەگەڵ ژمارەیەک لەگەڵ کەسە نزیکەکانی هەڵات و دواتر کوژرا، مەرداویج و محمد موسافری براوەی ئەو جەنگە بوون و تەواوی ناوچەکەیان کەوتە ژێر دەسەڵات و مەرداویج بووە باڵادەست و فەرمانڕەوای هەرێمی چیاکانیش تا لە ساڵی (٣٢٣ک/٩٣٥ز) کوژرا، بەمشێوەیە اسفار شیرویە نەیتوانی دەست بەسەر زەوی و شارو ناوچەکانی محمدی کوڕی موسافر دابگرێت و ئەو بارودۆخە درێژەی کێشا و محمد موسافری فەرمانڕەوایەتیەکەی لە قەڵای الطرم بەردەوام بوو تا لە ساڵی(٣٣٨ک/٩٤٩ز) کۆچی دوایی کرد (المسعودي، 1409هـ ج4، ص282-284؛ الذهبي، 1981، ج15، ص215-216؛ بوزوروف، 1995م، ص133-134).

## 2: بارودۆخی ناوچە کوردییەکان لەسەردەمی موسافیریەکان

### 2-1 هەرێمی ئازەربێجان لەسەردەمی موسافریەکان

ئازەربێجان بەدرێژایی مێژوو چەندان جار حوکمڕانی جیاوازی بەخۆیەوە بینەوە ناوچەیەکی بێ کێشە نەبوو (بک، 1936م، ص140) کاتێک وەزیرەکەی دەیسەم بە ناوی ابو قاسم علي جعفر نێوانی لەگەڵ دەیسەم تێکچوو و لەساڵی (٣٣٠ك/٩٤١ز) بەرەو ناوچەکانی کوردستان هەڵات بە دیاریکراوی بڕیاریدا بچێتە باشوری ئەردەبیل و هانای بۆ محمد کوڕی موسافر هێنا، کە گەیشتە لای بۆی دەرکەوت کە دوو کوڕەکەی بەناوی وەهسوزان و مەرزبان لەگەڵ باوکیان کەوتونەتە ناکۆکی، ابو قاسم خۆی لە مەرزبان نزیککردەوەو هەر لەگەڵ نزیکبوونەوەکەشی لەگەڵ مەرزبان بەڵێنی ئەوەی پێدا کە لە پەیوەندیەکی ژێر بەژێری ڕەزامەندی وەزیرەکەی دەیسەمی بۆ فەراهەم دەکات (مسکویە، 2000م، ج6، ص63؛ ؛ ابن خلدون،1981م، ج3، ص513؛ الصدفي، 1923، ج1، ص383؛ Madelung,p232) ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگەی لە ئازەربێجان و ئاران بەهێز دەبوو بەڵام لەڕووی دەسەڵاتەوە ڕکابەری بەهێزی هەبوو بە نمونە کوردەکان کە لەچاوەڕوانی دەرفەت بوون تاوەکو جڵەوی دەسەڵات لەو هەرێمە بەدەست بهێنن، هەرچۆنێک بێت مەرزبان کوڕی محمد موسافری لە ساڵی (٣٣٠ك/٩٤١ز) بووە فەرمانڕەوای ئازەربێجان (مسعر بن مهلهل، د.ت، ص44-45؛ کسروي، 2000م، ص75).

لەسەرەتای فەرمانڕەوایتیەکەیدا مەرزبان کاروبارەکانی بە جێگیری نەمانەوە و پەیوەندی لەگەڵ وەزیرەکەی ابی القاسم تێکچوو لەبەر دوو هۆکاری سەرەکی یەکەمیان ابو القاسم نوسەرێکی هەبوو ناوی عیسکویە بوو لەگەڵ ئەو نوسەرەی پەیوەندیان تێکچوونوسەرەکەش چاوی بڕیە سەروەت و سامانی مەرزبان و دەستی بەسەر بەشێک لە داهاتەکان گرت، هۆکاری دووەم ابو القاسم بووە هۆکارێک کە نەیارەکانی مەرزبان یەکبگرن و پێکەوە هەوڵەکانیان چڕ کردەوە تا لەسەر کارەکەی لایبدەن (ابن حوقل، 1938م، ج2، ص354؛ مسکویە، 2000م، ج6، ص65؛ الصدفي، 1923، ج1، ص384). بێگومان ئەمەش کاریگەری درووست کرد چونکە ئەو بنەمایەی کە موسافرییەکان لە هەڵبژاردنی وەزیرەکان پەیڕەویان دەکرد بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خزمەتەی کە وەزیر پێشکەشی میری وولاتەکەیان دەکەن نەک تەنها لێهاتووی وەزیر پێوەربێت، بەڵگەش بۆ ئەمە وەزیر ابو القاسم علی لەکاتی یارمەتی دانی مەرزبان تاوەکو دەست بەسەر ئازەربێجان بەشێکی زۆری داهاتی خۆی لەو پێناوەدا خەرج کرد و نوسراوی داواکاری نارد بۆ کوردەکان تاوەکو پشتگیری لە مەرزبان بکەن و لەو پرۆسەیەش سەرکەوتو بوو دیارترین نمونەش لەکاتی دەستبەسەر داگرتنی شاری ئەردەبیل بوو، مەرزبایش وەکو پاداشتێک لەبەرامبەر ئەو چاکەیەدا کردیە وەزیر سەرباری ئەوەی کە لەکۆتاییدا کێشەش کەوتە نێوانیان (افشار، 1389هـ ص48).

دەست بەسەرداگرتنی شاری ئەردەبیل ئاسان و بێ کێشە نەبوو یەکێکی تر لەکەسایەتیانەی کە لە بەرژەوەندی مەرزبان ڕۆڵی گێڕا وەزیرەکەی دەیسەم بوو کە ناوی ابا عبدلله النعيمي بوو دوای ئەوەی مەرزبان لە ئەردەبیل فەرمانڕەوایتیەکەی گرتە دەست جگە لەوەی ابا عبدلله النعيمي کردەوە وەزیر دەستیشی واڵا کرد بۆ ئەوی وەزیرەکەی پێشوتر و ژمارەیەک کاربەدەستی تر سزا بدات کە دژی مەرزبان لە پیلانگێڕی بوون، بەمشێوەیە مەرزبان سەرکەوتوو بوو لە کۆنترۆڵکردنی ئازەربێجان و فەرمانڕەوایەتیەکەی ڕوو لە جێگیربوون هەناوی دەناو ناوی لە وتاری هەینی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەخوێندرایەوە، ئەم سەرکەوتنانەشی دەرگای لەبەردەمی واڵا کرد و بیری فراوانخوازی بەردەوام بوو تا لەساڵی (٣٣٣ك/٩٤٤م) کۆنترۆڵی ناوچەکانی باکوری (الدربند) و (دوین) ی کرد (مسکویە، 2000م، ج6، ص67؛ Madelung, p233).

کوردستان لەنیوەی یەکەمی سەدەی چوارەم جارێکی تر دەبێتەوە گۆڕەپانی و جەنگ و ململانێ ی ئەو هێزەدەرەکیانەی کە بارووددۆخی خیلافەتیان لەو سەردەمە بەدەرفەت دەزانی بە تایبەت دوای ئەوەی لەم ماوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خیلافەت بەرەو لاوازی دەڕۆیشت (فوزي، 2009م، ج2، ص57، 58) بۆیە هێزی ڕووسەکان لەبەر ئەوەی هاوسنور بوون لەگەڵ خیلافەت و لەڕووی سەربازیش بە تۆکمەیی و بەهێزی بە ناوبانگ بوون بۆیە ئەم پەرتەوازەییەی خیلافەتیان بە هەلزانی و لەڕێگای ڕووباری (الکر) کە لە شاخەکانی ئازەربێجان و ئەرمینیاوە سەرچاوە دەگرێت دەچێتە ناو دەریای خەزەرەوە

شەڕ لە نێوان مەرزبان و ڕووسەکان دەستی پێکرد هەرچەندە مەرزبان ژمارەیەکی زۆری سەربازی کۆکردبووە لە نەتەوە جیاوازەکان لەوانە کورد ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو بەڵام پرچەکی وتۆکمەیی سوپای ڕووسەکان بووە هۆکارێک کە شکست بە سوپای مەرزبان بهێنن ناوچەکە کەوتە دەست ڕووسەکان هەرچەندە ڕووسەکان بۆ خەڵکی ناوچەکەیان ڕوونکردەوە کە لەڕووی ئاینیەوە هیچ ناکۆکیەک لەگەڵ موسڵمانەکان دروست ناکەن (مسکویە، 2000م، ج6، ص94، 95؛ یاقوت الحموي، 1995م، ج6، ص95)بەلام مەرزبان هەرلەدوای دەرفەتێک بووکە ڕوسەکان شکست پێبهێنێت بۆیە بڕیاری دا لەڕێگای بۆسەدانان ڕووسەکان لەناو برذعە بێزار و هەراسان بکات هەرچەندە لەو پلانەش سەرکەوتوو نەبوون ململانێکان زیاتر لە شارەکە پەرەیسەند و ڕووسەکان جەستەیان بەهێز بوو ستەم و تاوان و ترس وتۆقاندنیان لە شارەکە بڵاو کردبۆوە ئازاری پیاو و ئافرەت و منداڵانیشیان دەدا تاوای لێهات موسڵمانەکان لەڕێگای برێک پارە باجی سەلامەتی گیانی خۆیان بکڕنەوە (مسکویە، 2000م، ج6، ص99، 100؛ الدوري، 1975م، ص376).

ڕوسەکان دواتر بەرەو مەراغە ڕۆیشتن و بەهەمان شێوە کاولکاریەکەیان بەردەوام بوو بەشێوەیەک جگە لەوەی دانیشتوان و خەڵکی ناوچەکە گیانیان پارێزراو نەبوو تەواوی ماڵ و موڵکیشیان دەستی بەسەر دادەگیرا لەلایەن ڕووسەکان (ابن کثیر، 1417-1420هـ ج15، ص157) لە برذعە شەڕو ململانێکان لەنێوان مەرزبان و ڕووسەکان بەردەوام بوو تا بڵاو بوونەوەی پەتایەک لەناو ڕووسەکان بەهۆی خواردنی خراپ و ناپاکەوە، کە بوە هۆی گیانلەدەستدانی ژمارەیەکی زۆریان بەشێوەیەک کە لە توانایان نەبوو مردووەکانیشیان بنێژن وەلەهەندێک کاتدا مردووەکانیان بە چەک و شمشێرەوە لە گۆڕدەنا کە ئەمەش پەیوەندی بە کلتوری خۆیان هەبوو، دووریش نیە لەبەر ئەوە بوبێت تا موسڵمانەکان سوودی لێ وەرنەگرن، هەرچۆنێک بێت لێرەوە بۆیان ڕوونبۆوە کە مانەوە لە نێو موسڵمانەکان سوودی نیە و هەرچی زووە دەبێت خۆیان یەکلا بکەنەوە بۆیە شەوانە لەگەڵ کەس و کاریان لە برذعە دەچوونە دەرەوە بە پێ بەرەو ڕووباری (الکر) دەڕۆیشتن لەوێشەوە لە ڕێگای کەشتیەکانیانەوە دەگەڕانەوە، دوای ئەوەی ڕووسەکان برذعەیان بەجێ هێشت موسڵمانەکان گۆڕەکانیان هەڵدانەوە و چەکەکانیان دەرهێنان،بەم شێوەیە ئەم پرۆسەی کشانەوی ڕووسەکان بە ناڕاستەوخۆ لەبەرژەوەندی مەرزبان کوڕی محمد موسافر بوو، دواجار پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕووسەکان و دەرکردنیان لە ئازەربێجان بەرامبەر چاوتێبڕینی هێزە جیاوازەکان بۆیە لە ساڵی (٣٣٣ک/٩٤٤ز) ئەم هەواڵەی مەرزبان و ڕۆیشتنی ڕووسەکان گەیشتە بەغدا (مسکویە، 2000م، ج6، ص99، 100؛ الهمداني،1958م، ص140؛ ابو الفداء، 1431هـ ج2، ص91؛ ابن الاثیر، 1997م، ص128، 129؛ السید، 1972م، ص181)

## 2-2 ململانێ ی موسافیرییەکان لەگەڵ هێزە جیاوازەکان لەچەند ناوچەیەکی کوردنشین

دوای ئەوەی لە ساڵی (٣٣٥ک/٩٤٦ز) لە باشوری ڕۆژهەڵاتی ئازەربێجان مەترسیەکی گەورە سەریهەڵدا ئەویش هاتنی رکن الدولەی بوەیهی (٢٨٤ک/٨٩٦ز- ٣٦٦ک/٩٧٦ز) کوڕی ابو علي الحسني بوەیهی بوو کە دەستیان بەسەر ناوچەکانی ڕەی داگرت لەبنەڕەتتدا ئەو ناوچەیەش لەلایەن سامانی و زەیاریەکان ململانێ و ناکۆکی لەسەر بوو، مەرزبان لە ساڵی (٣٣٧ک/٩٤٨ز)ویستی سوود لەناکۆکی نێوانیان وەربگرێت بۆ بەهێز کردنی کاریگەری خۆی و دەستی فراوانخوازییەکانی بگاتە هەرێمی چیاکانیش بۆیە بڕیاریدا دەست بەسەر ڕەی دابگرێت و رکن الدولەی بوەیهی لەوێ دووربخاتەوە (مسکویە، 2000م، ج6، ص146؛ ابن الاثیر، 1997م، ج7، ص183؛ النقشبندي، 2011، ص135؛ Madelung, p233).

هەرچەندە رکن الدولە و مەرزبان دەیلەمی بوون بەڵام ڕق و کینەو ململانێییەکی زۆر لە نێوانیان هەبوو، ناکۆکیەکان ئەو کاتە زیاتر پەرەی سەند کە مەرزبان نوێنەرێکی خۆی ناردە لای معزالدولە کە ڕەنگە ئەو نوێنەرە پەیامی دابێتە معزالدولە تاوەکو کە کێشە بۆ مەرزبان دروست نەکەن و دانی پێدا بنێنن و حاکمی ئازەربێجان بێت و هێرش نەکەنە سەری، بەڵام معزالدولە ئەم پەیامەی بە ناڕەوا بینی و جگە لەوەی ڕازی نەبوو بە داواکارییەکەی ڕیشی نوێنەرەکەشی سوتاند، مەرزبان بەم کارەی زۆر توڕەبوو بۆیە بڕیاریدا هێرش بکاتە سەر ڕەی، بۆ ئەم مەبەستە ڕاوێژی بەچەند سەرکردەیەکی خۆی کردو جگە لەمانەش توانی هەندێک کەسایەتی و فەرماندەی سەربازی رکن الدولەش بۆ لای خۆی ڕابکێشێ (مسکویە، 2000م، ج6، ص148، 149؛ ابن الاثیر، 1997م، ج7، ص183؛ الصدفي 1923م، ج1، ص385؛

نظمي زادة، ص82؛ أحمد، 1959م، ص154؛ كبير، 2012م، ص50)، لەدوای ئەوەی بەشێک لە نزیکەکانی مەرزبان ڕێگر بوون لەو هێرشکردنە بەڵام مەرزبان گوێ ی لەو بۆچوونانە نەگرت و هێرشی کرد، کاتێک رکن الدوله هەستی بەم مەترسیە کرد داوای هاوکاری لە عماد الدوله و معز الدوله کرد دواجار (سبكتكين الحاجب التركي)[٤] یان وەکو نوێنەری خەلیفە بۆ نارد، کاتێک سەربازەکانی معزالدوله گەیشتنە دینەوەر بەسەرکردایەتی (بور،ریش) جەنگێکی قوڕس لەنێوانیان ڕوویدا و گورزێکی کوشندەیان وەشاند، لە درەنگانی شەو هێرشیان کردە سەر دینەوەر و سبکتکین بەخێرا هاوپەیمانیەتێکی لەگەڵ تورک وعەرەبەکان کرد، بەڵام دواتر سبکتکین چووە هەمەدان و بۆلای رکن الدوله (مسکویە، 2000م، ج6، ص150، 151؛ ابن الاثير، 1997م، ج6، ص172؛ الصدفي، 1907م، ج1، ص369-375).

رکن الدوله پلانی درێژکردنەوەی کاتی لەگەڵ مەرزبان پەیڕەو کرد تاوەکو تاوەکو یارمەتی بەدەست دەگات، لەکاتەوە هەستا بە مەدح کردنی مەرزەبان و داواشی لێکرد کە لە ڕەی بکێشتەوە مەرزەبانیش بەمە ڕازی بوو بەمەرجێک هەندێک لە شارەکانی هەرێمی چیای پێبدات، لەوانەش زنجان و ئەبهەر و قزوين (ابن الاثير، 1997، ج7، ص183) دوای ئەوەی رکن الدوله یارمەتیەکانی بە دەست گەیشت دەستی گرت بەسەر داهات و کەسە نزیکەکانی مەرزبان لە کۆتایشدا مەرزبانی دەستگیر کرد گەڕایەوە بۆ ڕەی دواتر لە ساڵی (٣٣٧ک/٩٤٨ز) محمد بن عبدالرزق کە فەرمانڕەوای طوس بوو لەسەر هەندێک لە ناوچەکانی ئازەربێجان دانا ئەردەبیلی گرت و کردیە بارەگای خۆی پاشان ئازەربێجانی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی (مسکویە، 2000م، ج6، ص169؛ ابن الاثير،1997م، ج7، ص184؛ الهمداني، 1958م، ص161؛ الصدفي، 1923م، ج1، ص385).

دوای دەستگیرکردنی مەرزبان محمد بن مسافر دەستی بە چالاکی کردو دەستی بەسەر ئەردەبیل دا گرت، بەڵام بەهۆی ناکۆکی لەنێو بنەماڵەی موسافریدا وەهسودان لای محمد بن مسافری باوکی دەستی بەسەر تەواوی سەرکردایەتی کردنی ئەو بنەماڵدا گرت و لە قەڵای (الطرم) خۆی بەهێز کرد و محمد بن مسافر بەهۆی درووست بوونی کێشە لەگەڵ سەربازەکانی هانای بۆ کوڕەکەی بردو وەهسودانیش دەستگیری کردو لەباروودۆخێکی بێدەسەڵاتی مایەوە تاوەکو لە ساڵی (٣٣٨ک/٩٤٨ز) کۆچی دوایی کرد (مسکویە، 2000م، ج6، ص169) دوای زنجیرەیەک هەوڵ و ڕکابەری لەنێوان کوردو دەیلەم یەکیان گرت و دەستیان گرت بەسەر شاری دبيل و نشوان موسافریەکانیش توانیان لەهەڕەشەی بوەیهی ڕزگاریان بێت و بوونە باڵادەست و فەرمانڕەوای ناوچەکە هەرچەندە دواتر ئازەربێجان لەبەر فراوانخوازییەکانی دەیسەم لەژێر دەسەڵاتی موسافریەکان نەما (مسکویە، 2000م، ج6، ص184).

دوای ئەوەی مەرزبان لە ساڵی (٣٤٢ک/٩٥٣ز) لە پلانێک توانی لە بەندیخانەکەی رکن الدوله خۆی دەرباز بکات، هەر بەوەندە نەوەستا بەڵکو سەرپەرشتیاری قەڵاکەشی کوشت کە ناوی (بشير آسفار) بوو، دەستیشی بەسەر ئەو قەڵایە داگرت کە تێیدا زیندانی کرابوو، بارودۆخەکانی ئازەربێجانی لە ڕێگای براکەی و چەند کەسایەتیەکی نزیک رکن الدوله ڕێکخستەوە سوپاو لایەنگری لەدەوری خۆی کۆ کردەوە نەما (مسکویە، 2000م، ج6، ص183-185؛ ابن الاثير، 1997م، ج7، ص204).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بارودۆخەی کە لە ئازەربێجان هەبوو لە ساڵی (٣٤٢ک/٩٥٣ز) دووبارە کوردستان بەدیاریکراوی ئەردەبیل لەلایەن موسافرییەکان دەستی بەسەرداگیراوە تەواوی جومگە ئابوریەکانی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی مەرزەبان، ئینجا بڕیاریدا تەواوی ناوچەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی کاتێک لە سەلماس نزیک بۆوە کە دەسەڵاتی دەیسەمی لێبوو نەیویست لەگەڵ موسافریەکان دووبارە بکەوێتەوە جەنگ بۆیە ڕووی کردە ئەرمینیا مەرزبانیش هەر لەدوای بوو چونکە دەیویست بە تەواوی لە ناوی بباو کۆتایی پێبهێنێت بۆیە مەرزبان نامەی بۆ فەرمانڕەوای ئەرمینیا نارد کە ناوی ابن الديراني بوو داوای لێکرد کە هاوکاری بێت و دەیسەمی ڕادەست بکات سەرەتا بەداواکەی ڕازی نەبوو و وەڵامی نەدایەوە بەڵام لەترسی تێوەگلانی لەجەنگ لەگەڵ موسافریەکان دەیسەمی ڕادەست کرد، بەمشێوەیە موسافریەکان سەلماسیشیان کۆنترۆڵکرد و بارودۆخ بەمجۆرە بەردەوام بوو مەرزبان مایەوەو فەرمانڕەوای ئازەربێجان بوو (ابن حوقل، 1938م، ج2، ص354؛ مسکویە، 2000م، ج6، ص186-199؛ ابن الاثير، 1997م، ج7، ص108، 203؛ السيد، 1972م، ص182؛ الصدفي1923م، ج1، ص386؛ Madelung, p235)، تاوەکو لەساڵی (٣٤٦ک/٩٥٧ز) کۆچی دوایی

دەكات (الاصفهاني، 2003م، ص277) لەدوا ساتەكانی ژیانی وەسیەتی كرد كە لەدوای خۆی وەهسودانی برای ببێتە فەرمانڕەوای ئازەربێجان و لەدوای براكەشی جستان كوڕی مەرزبان درێژە بە فەرمانڕەوایەتی ناوچەكە بدات (مسكویە، 2000م، ج6، ص205؛ ابن الاثیر، 1997م، ج7، ص218؛ ابن خلدون، 1981م، ج4، ص673).

لەدوای مردنی مەرزبان وەسیتەكەی وەكو خۆی نەچووە بواری جێبەجێ كردن وەهسودان نەیتوانی ڕەزامەندی ناوچەكان بەتەوای بەدەست بهێنێت، بۆیە جستان كوڕی مەرزبان لەساڵی (٣٤٦ك/957ز) بارودۆخەكەی بەهەلزانی و دەستی بەسەر ئازەربێجاندا گرت جگە لەوەی هەردوو براكەی بەناوی ئیبراهیم و ناصر پشتیوانی خۆیان بۆ دەربڕی و ئیبراهیم لە شاری (دوین) كە شارێكی سەربەخۆ بووە (عبدالرحیم، 2001م، ص99) نیشتنەجێ ببو وەكو نوێنەرو سەرپەرشتیاری بەناوی براكەیەوە فەرمانڕەوایەتی ئەو شارەی دەكرد، جگە لەوانەش ئەو فەرماندەو هاوەڵە نزیكانەی كە لەسەردەمی باوكی باڵادەست بوو لەهەمان ساڵ پشتگیری خۆیان بۆ جستانی كوڕی مەرزبان ڕاگەیاند (مسكویە، 2000م، ج6، ص205؛ ابن الاثیر، ج7، ص218؛ ابن الوردي، 1996م، ج1، ص276، 277؛ الصدفي، 1923م، ج1، ص386؛ السید، 1972م، ص182) بەڵام ئازەربێجان لەو سەردەمە بێكێشە نەبوو بەڵكو كەسانێك لە هەوڵ دابوون كە لە دەرفەتێك دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن بەتایبەت كە لەو كاتەشدا جستان بارودۆخی وولاتی پشتگوێ خستبوو زیاتر لە دوای ڕابواردن و كات بەسەر بردنی خۆی بوو (مسكویە، 2000م، ج6، ص217؛ ابن خلدون، 1981م، ج4، ص673) لەوانە مامی و براكەی و جستان شرمزن لە ساڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) لە ناوچەكانی ئورمیە لە گوێ ڕایەڵی دەرچوون و دەستیان بەسەر ناوچەكە داگرت، جستان كوڕی مەرزبان كاتێك هەستی كرد ڕێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی لە دژی كراوەو بە ئاگاداری وەزیرەكەی ابی عبدلله النعیمی و وەزیری جستان شرمزان بەناوی الحسن بن عبدالله بن حمیدویە بۆیە ڕاستەوخۆ دەستگیری كرد، دواتر ڕێكەوتنێكی گەورەتری بەدوا داهات كە پێكهاتبوون لە جستان شرمزن و وەزیرەكەی و ئیبراهیم مەرزبان لە ئورمیە هەموویان لەبەرامبەر جستان مەرزبان یەكیان گرت و دەستیان بەسەر مەراغە داگرت (مسكویە، 2000م، ج6، ص218، 219، 221؛ ابن الاثیر، 1997م، ج7، ص227؛ ابن خلدون، 1981م، ج4، ص673).

كاتێك جستان مەرزبان ئەمەی زانی بڕیاریدا كارێك بكات تاكو ئەو پلانگێڕیە و گەلەكۆمەییەی بەرامبەری كراوە پەرتەوازە بكات بۆیە پەیامی بۆ هەریەک جستان شرمزان و الحسن بن عبدالله بن حمیدویە نارد تاوەكو پشت لە ئیبراهیمی برای بكەن لەبەرامبەردا بەڵێنی ئەوەی پێدان كە النعیمی ئازاد بكا، پلانەكەی جستان مەرزبان سەریگرت ئیبراهیم تەنیا مایەوە و هاوپەیمانەكانی گەڕانەوە ئورمیە، كاتێك ئیبراهیم هەستی كرد جستان چ پیلانگێڕیەكی بەردەوام كردووە ئەویش گەڕاوە بۆ ئورمیە بەڵام جستان شرمزن بە نهێنی خیانەتی لەهەردوو برا دەكرد لەلای هەریەكێكیان وا خۆی دەردەخست كە لایەنگرو هاوپەیمانیەتی دوژمنی براكەی ترە وە بە پێچەوانەوەش! بۆیە جستان شرمزن و ئیبراهیم مەرزبان كاتێك ئەم دوو ڕووییەی جستان مەرزبان بۆ ڕوونبۆوە بەیەكەوە بڕیاریان دا كە هێرش بكەنە سەر جستان شرمزن كە هۆكاری سەرەكی دروست بوونی ئەو ناكۆكیەیە كە لە نێوانیان ڕوودەدا بۆیە لە ساڵی (٣٤٧ك/٩٥٨ز) بەیەكەوە ڕێككەوتن كە فەرمانڕەوایەتی مەراغە بكەن، وەبۆ سەلماندن و پشتڕاستكردنەوەی یەكگرتوویی نێوانیان پارەیان بەهاوبەشی بە ناوی خۆیانەوە لێدا (مسكویە، 2000م، ج6، ص218؛ ابن الاثیر، 1997م، ج7، ص227، 228؛ الصدفي، 1923م، ج1، ص386).

بارودۆخی ئازەربێجان بەمشێوەیە نەمایەوە بەتایبەت دوای ئەوەی لەساڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) وەزیر ابا عبدالنعیم توانی لە زیندانەكی جستان مەرزبان خۆی دەرباز بكا و بڕیاریدا تۆڵە لە نەیارەكانی بكاتەوە و هەوڵەكانی چڕ كردەوە تاوەكو بتوانێ لە دەرفەتێك دەست بەسەر ئازەربێجاندا بگرێت و خیلافەتیش لەو هەرێمە لاوازبكا كە ڕەنگە هۆكاری دژایەتی كردنی خیلافەتی لەبەر ئەوە بوبێت كە جستان مەرزبان توانی بووی ڕەزامەندی و پشتگیری خەلیفە (المطیع لله) بەدەست بهێنێت، بۆیە وەزیر ابا عبدالنعیم توانی پشتگیری یەكێك لە نەوەكانی خەلیفە بەدەست بهێنێت بەناوی (آبو نصر بن اسحق بن عیسی المكتفي) نازناوی (المستجیر بالله) بوو، لەساڵی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) بەرەو هەرێمی چیا بەڕێكەوت و توانی دەست بەسەر ناوچەكانی ئورمیە و مۆقان دا بگرێت و نیازی پێگەی خیلافەتیشی هەبوو، دواتر لەگەڵ وەزیر النعیمی و بەشێك لە كوردەكان ڕێككەوتن كەبەرەو ئازەربێجان بڕۆن كە لە ژێر دەسەڵاتی جستان مەرزبان بوو، كاتێك ئیبراهیم

و جستان ئەم هەواڵەیان پێگەیشت زۆر بە توندی بەرپەرچیان دانەوە و المستجیرو هاوپەیمانەکانی دووچاری شکست بوونەوە (مسکویه، 2000م، ج6، ص218، 219، 221؛ ابن الجوزي، 1992م، ج19، ص224؛ الهمذاني، 1958م، ص178؛ الاصفهاني، 2003م، ص268؛ النويري، 2004م، ج23، ص108) وەهسودان کوڕی مەرزەبان کە لە (الطرم) نیشتەجێ ببوو، لەدەرفەتێک دەگەڕا کە ناوچەکانی ئازەربێجان لەژێر دەسەڵاتی کوڕەکانی مەرزبان دەربهێنێت، بۆیە بڕیاریدا دووبەرەکی بخاتە نێوانیان تاوەکو پێگەیان لاوازبکات لە ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستە بە جیا پەیامی میوانداری بۆ ناردن سەرەتا (ئیبراهیم مەرزبان) ی بانگهێشتکرد دواتر (ناصر مەرزبان) ی بانگهێشت کرد بۆلای خۆی، ئەوانیش داواکارییەکەیان قبوڵکرد وبە جیا سەردانیان کرد وەهسودان زۆر ڕێزی گرتن و دیاری پێدان و داوای لێکردن کە وازبهێنن لە پشتگیری کردنی جستانی برایان، ناصری هاندا کە دەسەڵات وەربگرێت ئەویش دەستی گرت بەسەر ئەردەبیل داوای لە دەیلەمەکان و کوردەکان کرد کە پشتگیری بکەن، بەڵام ناصر هەستی کرد ئەو پلانەی مامی تەنها بۆ درووست کردنی پەرتەوازەییە لە نێوان براکانی خێرا پەیوەندی کردەوە بە جستانی برای و بەکەیەوە مانەوە لە ئەردەبیل بەڵام دووچاری شکستێکی گەورەی دارایی ببونەوە باردوۆخیان زۆر خراپ ببوو لە ئاکامدا میرەکانی چواردەوریان دەستیان بەسەر ئازەربێجاندا داگرت (مسکویه، 2000م، ج6، ص220؛ ابن الاثير، 1997م، ج7، ص228؛ ابن خلدون، 1981م، ج4، ص674؛ الصدفي، 1923م، ج1، ص386).

لە ئەنجامی ئەو باروودۆخە خراپەی کە کوڕەکانی مەرزەبان تێکەوتبوون پەیامیان بۆ وەهسودانی مامیان نارد داوایان لێکرد کە لەم بارودۆخە خراپە هاوکاریان بێت و وەهسودانیش ئامادەیی نیشاندا و پێشوازی لێکردن بەڵام کاتێک گەیشتنە لای دایک و کوڕەکانی مەرزبانی دەستگیر کرد و فەرمانڕەوایەتی و تەواوی سەبازەکانیشی خستە ژێر دەسەڵاتی کوڕەکەی بە ناوی اسماعیل وەهسودان، هەر بەوە نەوەستا (ابا قاسم شرمزني) کردە سەرکردەی سوپاکەی چووە ئەردەبیل بۆ ئەوەی دەست بگرێت بەسەر جستانی مامی، کاتێک وەهسودان تەواوی ناوچەکانی خستە ژێر دەسەڵاتی اسماعیل برای سێیەمیان کە ناوی ئیبراهیم بوو ئەم زوڵمەی پێ قبوڵ نەکرا و بەرەو ئەرمینیا و مەراغە کەوتە ڕێ بەڵام وەهسودان کە زانی ئیبراهیم نیازی ئازادکردنی دایکی و جستان و ناصری هەیە خێرا هەرسێکیانی لە زیندان کوشت و سوپایەکی گەورەشی لە کورد و دەیلەم پێکهێنا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئیبراهیم، هەروەها نامەی بۆ جستان شرمزن و محمد الرواد نارد لە ئەرمینیا تاوەکو بەرامبەر ئیبراهیم بجەنگن بۆیە لە ساڵی (٣٤٩ک/٩٦٠ز) گەورەترین پێکدادان لە نێوانیان ڕوویدا و ئیبراهیم شکاو هەڵات مەراغە و ئورمیە دەستی بەسەر داگیرا و ئیبراهیم ژمارەیەکی زۆر سەربازو لایەنگرو سەربازیشی لەم شەڕە کوژران (مسکویه، 2000م، ج6، ص220، 221؛ ابن الاثير، 1997، ابن خلدون، 1981م، ج4، ص674؛ ابن الوردي، 1996، ج1، ص276-280؛ الصدفي، 1923م، ص387، 388).

## ئەنجام

1- سەرباری گرنگی سروشتی جوگرافی کوردستان کە هەمیشە کوردەکانی لە هێرش و هێزی نەیارەکانی پاراستووە بەڵام ناوچە کوردییەکانیشی توشی دابڕان کردووە ئەمەش زیاتر دەرگای واڵا کرد کە موسافرییەکان سودی لێ ببینن و لەبەرژەوەندی هێرشەکانیان بەکاریبهێنن، هەروەها پێکنەهێنانی کۆنفدراسیۆنێک هاوشێوەی پێکهاتەکانی تر بوونەتە خاڵی لاوازی کورد و ناوچە کوردنشینەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی ئەمەش ڕێگا خۆشکەر بوو تا هێز و نەتەوەکانی تر ئاسانتر کۆنترۆڵی ناوچە کوردییەکان بکەن و لەبەرژەوەندی چاوتێبڕین و ململانێکانیان بەکاریان بهێنن.

2- هەرهێزێک ڕەهەندی مێژوویی نەبێتە بناغەی دەسەڵاتتداری بە ئاسانی دەستەمۆ دەکرێت، ڕازی بوونی کوردیش لەم ماوە مێژوویە دەیسەلمێنێت کە هەرهێزێک لە دۆخی هێرشبردن نەبێت ئەستەمە بتوانێ پارێزگاریش لە ڕەوشی خۆی بکات.

3- وەهسودان کوڕی مەرزبان، کەسایەتی دیاری بنەماڵەی دەسەڵاتداری موسافیری، هەوڵیدا دەسەڵاتی براکانی بەسەر ئازربێجاندا تێکبدات و لاوازی بکات، بۆئەوەش داوای لەلایەنەکانی دیکە کرد لێیان جیا ببنەوە، بۆ ئەمەش شێوازی ناسەربازی وەک بانگهێشتکردنی نەیاران و گۆشەگیرکردنیان و پێشکەشکردنی دیاری بەکارهێنا بۆ ئەوەی ڕازییان بکات

واز لە پشتیوانیکردنیان بۆ براکانیان بهێنن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی بەکارهێنانی دیپلۆماسی نەرم بوو، کە ئاماژەیە بۆ بوونی تەماحی کەسی و دووبەرەکی ناوخۆیی لەناو بنەماڵەی دەسەڵاتدار.

4- بۆمان دەرکەوت کە هەندێک کەسایەتی بنەماڵەی موسافیری ویستیان ئەبو نەسری کوڕی ئیسحاقی کوڕی عیسا موکتفی، یەکێک لە نەوەکانی خەلیفەکان بەکاربهێنن بۆ هەوڵی سەپاندنی هەژموون و دەسەڵات بەسەر ناوچەکانی ئازربێجان وەک (ورمێ، مۆقان) کە بەنیازی دامەزراندنی خەلافەتێکی نوێ بوو، ئەمەش ئاماژەیەکی ترە بۆ تەماحێکی بەهێزی سیاسی و ئاینی وە پەنا بردن بۆ پاڵپشتی ئاینی بۆ شەرعیەتدان بە فراوانخوازیەکان.

5- کوردستان وەکو گۆڕەپانی ململانێکان و بەردەوامی هێرشە یەک لەدوای یەکەکانی هێزە جیاوازەکانی ئەو سەردەمە بە گشتی موسافری بەتایبەتی ئەگەرچی زەرەرو زیانی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا دواجاریش بە مەبەستی بەرگریکردنی کوردەکان لە خۆیان لەسەردەمانی دواتر دروست بوونی چەندین دەسەڵاتی خۆجێی و دامەزراندنی چەند میرنشینێکی کوردی لێکەوتەوە کە تا هاتنی سەلجوقییەکان بەردەوامی هەبوو، تاڕادەیەک ئارامی بۆ ناوچەکە گەڕاندەوە.

## پەراوێزەکان

[١] جەعفەری کوڕی شکۆی کوردی: کەسایەتیەکی کورد بوو لەساڵی (٣٣٢ک/٩٤٣ز) فەرمانڕەوای شاری سەلماس بوو لە هەرێمی ئازەربێجان کە خاوەن دەسەڵاتێکی سەربازی و کارگێڕی بەهێز بوو لە ناوچەکە بەڵام دوورنیە سەربە دەیسەمی کوردی بوبێت و بە ئاگاداری و بەنوێنەرایەتی دەیسەم فەرمانڕەوایەتی سەلماس کردبێت لەدوای نەمانی دەیسەمیش لە ئازەربێجان جەعفەر سەری بۆ مەرزبان نەوی نەکرد و لەگەڵ ئەو هەزبانیانەی هاوسەنگەری بوون دژی مەرزبان جەنگا(مسکویە، 2000م، ج6، ص98).

[٢] زەیارییەکان یەکێک بوون لەو هێزە سیاسیانەی لە نیوەی یەکەمی سەدەی چوارەمی کۆچی/ دەیەمی زاینی لە بنەماڵەیەکی دەیلەمی و لەسەر شوێنەوارو پاشماوەو هەرەسهێنانی چەند هێزێکی تر لە (315-470ک/928-1077ز)میرنشینێکیان دروست کرد بەناوی زەیاری، (مسعر بن مهلهل، ص91).

[٣] مەرداویج بن زیار: دامەزرێنەری میرنشینی زەیاری بوو لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٤/ک ١٠/زلەپێناو زیندووکردنەوەی دەوڵەتتداری فارس و کۆتایی هێنان بە فەرمانڕەوایی عەرەب دەستی بە فراوانخوازی کرد، لەساڵی (٣٢٣ک/٩٣٤ز) لەسەر دەستی سەربازێکی بەرەگەز تورکی خۆی کوژرا ( الصولي، 1935م، ص63).

سامانیەکان: بنەماڵەیەکی فارس بوون ڕەچەڵەکیان دەگەڕیتەوە بۆ بهرامی چوبین لە ئەودیو ڕووبار و بلخ سمرقند بناغەی میرنشینێکیان دانا بەسەرکردایەتی (نصر کوڕی احمدی سامانی) سەرەتای دەرکەوتنیان لە خیلافەتی عەباسی بۆ سەردەمی خەلیفە مەئمون دەگەڕێتەوە کاتێک اسد بن سامانی کردە والی سەمەرقەند و احمد بن اسدی کردە فەرمانڕەوای فەرغانە، وەکو هەرمیرنشینێکی تری ناوچەکە سودیان لەبارودۆخەکە وەرگرت بۆ مەرامی خۆیان، ماوەی فەرمانڕەوایەتیشیان لە (٢١٦-٣٨٩ک/٨٧٥-٩٩٩ز) درێژەی کێشا بۆ زانیاری زیاتر بروانە: (النرشخي، د.ت، ص90_111؛ خواندمیر، 1988م، ص79 الجاف، 2008م، ج3، ص31-45).

[٤] اسفار بن شیرویە: سەرکردەیەکی سەربازی دەیلەم بوو، توانی کۆتایی بە دەسەڵاتی عەلەوییەکان بهێنیت ببێتە فەرمانڕەوای (ري وطبرستان وأصفهان ونیسابور) ، بەردەوام لەهەوڵی فراوانخوازی سنوری دەسەڵاتەکەی دابوو، بۆیە ڕووی کردە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی موسافیری مەرداویج بن زیار (٣١٦-٣٢٣ک/٩٢٨-٩٣٤ز) کوشتی و دەسەڵاتی ناوچەکانی وەرگرت (المسعودي، 1409هـ، ج4، ص282؛ الاصفهاني، 1961م، ص183).

[5] سبکتکین حاجب: فەرماندەیەکی سەبازی بوو لە سوپای معزالدولە (٣٣٤-٣٥٦ک/٩٤٦-٩٦٧ز) خزمەتی دەکرد، بە زیرەکی و ئازایەتیەکەی توانی ڕۆڵێکی گەورە ببینێ لە سیاسەت و سەرکەوتنی بوەیهیەکان(السید، 1972م، ص6).

## لیستی سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:


- ابن الاثیر، عزالدین ابي الحسن بن محمد الجزري،1997م، الکامل في التاریخ، المحقق:عمر عبدالسلام التدمري، بیروت، لبنان، دار الکتب العربي.
- ابن اسفندیار، بهاءالدین محمد بن حسن بن اسفندیار،2002م، تاریخ طبرستان، المحقق: أحمد بن محمد نادي، الطبعة الاولی، القاهرة، مجلس الاعلی الثقافة.
- الاصطخري، ابو اسحاق ابراهیم بن محمد الفارسي المعروف بالکرخي، 2004م، المسالك والممالك، بیروت، دار صادر.
- الأصفهاني، حمزه بن الحسن ، 1961م، تاریخ سني ملوك الأرض والأنبیاء علیهم الصلاة والسلام، بیروت، دار المکتبة الحیاة.
- الأصفهاني،عمادالدین ابو حامد محمد بن محمد2003م، البستان الجامع لجمیع تواریخ أهل الزمان، المحقق: محمد علي الطعاني، الاردن، مطبعو الوطنیة.

- التنوخي، القاضي ابي علي المحسن بن علي التنوخي، 1392هـ ، نشوار المحاضرة وأخبار المذاكرة، بيروت.
- ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد الجوزي، 1992م، المنتظم في تاريخ الملوك والامم، المحقق: محمد عبدالقادر عطا، بيروت، دار الكتب العلمية.
- ابن حوقل، محمد بن حوقل البغدادي الموصلي أبو قاسم،1938م، صورة الارض، بيروت، دار صادر.
ابن خلدون، عبدالرحمن بن خلدون، 1981م، تاريخ ابن خلدون، المحقق: سهيل زكار، بيروت، دار الفكر
- خواندمير، محمد بن خاونشاه، 1988م، روضة الصفا، المحقق: السباعي محمد السباعي، الترجمة: أحمد عبدالقادر الشادلي، القاهرة، دار المصرية للكتاب.
- ابن دقماق، 1985م، المحقق: محمد كمال الدين عزالدين علي، الجوهر الثمين في سير الملوك والسلاطين، بيروت، عالم الكتب.
- الذهبي، الامام شمس الدين بن محمد بن أحمد بن عثمان الذهبي، 1981م، سير الاعلام النبلاء، المحقق: ابراهيم الزيبق، بيروت، دار الرسالة.
- السيد، الامام المحسن الامين، 1983م، ، أعيان الشيعة، المحقق: حسن ألأمين، بيروت، دار المعارف.
- الصولي، أبي بكر محمد بن يحيي الصولي1935م، اخبار الراضي بالله والمتقي لله=تاريخ الدولة العباسية من الكتاب الاوراق، المحقق: ج هيورث دن، مطبعة الصاوي، مصر.
- الطبري، أبو جعفر محمد بن جرير1967م، تاريخ الطبري، الطبعة الثانية، المحقق: محمد ابو فضل ابراهيم، مصر، دار المعارف.
- ابن ظافر الأزدي، الشيخ الامام جمال الدين أبو حسن علي منصور ظافر بن حسين الأزدي، 1999م، أخبار الدول المنقطعة، الطبعة الثاني، المحقق: د.عصام مصطفى هزايمة، الاردن، دار الكندي.
- ابن العبري، غريغوريوس واسمه في الولادة يوحنا (ابن أهرون) (أو هارون) بن طوما الملطي أبو الفرج المعروف بأبن العبري، 1992م، تاريخ مختصر الدول، الطبعة الثالثة، المحقق: انطون صالحاني اليوسعي، بيروت، دار الشرق.
- أبو الفداء، عمادالدين اسماعيل بن علي بن محمود بن محمد بن ابن عمر بن شاهنشاه بن أيوب، 1431هـ ، مختصر في أخبار البشر، المصر، مطبعة الحسينية.
- ابن كثير، عماد الدين أبو الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير القرشي الدمشقي1427هـ ، البداية والنهاية، المحقق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي، دار الهجر
- مسكويه، أبو علي مسكويه الرازي،2000م، تجارب الامم تعاقب الهمم،المحقق: ابو القاسم الامامي،طهران، دار سروش.
- المسعودي، ابو الحسن علي بن الحسين المسعودي1409هـ ، مروج الذهب ومعادن الجوهر، المحقق: اسعد داغر، قم دار الهجرة.
- مسعر بن مهلهل، أبو دلف مسعر بن مهلهل الخزرجي،1409هـ ، الرسالة الثانية، بولغاكوف و أنس خالدوف، الطبعة الثانية، العالم الكتب.
- النرشخي، أبي بكر محمد بن جعفر النرشخي، (د.ت)، تاريخ بخارى، الطبعة الثالثة، المحقق: أمين عبدالمجيد البدوى و نصرالله مبستر الطرازى، ، القاهرة، دار المعارف.
- النويري، شهاب الدين أحمد بن عبدالوهاب النويري،2005م، نهاية الارب في فنون الأدب، المحقق: الدكتور نجيب مصطفي فواز و الدكتورة حكمت كشلي فواز، بيروت، دار الكتب العلمية.
- همداني، محمد بن عبدالملك بن ابراهيم بن محمد، 1958م، تكملة تاريخ الطبري، المحقق: البرت يوسف كنعان، بيروت، المطبعة الكاثوليكية.
- ابن الوردي، زين الدين عمر بن مظفر الشهير بابن الوردي 1996م، تاريخ ابن الوردي، بيروت، دار الكتب العلمية.
- ياقوت الحموي، شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله الرومي الحموي،1995م، معجم البلدان، بيروت، دار صادر.

## ژێدەرەکان بەزمانی عەرەبی:

- اديب السيد،1972م، أرمينيا في تاريخ العربي، (د.م).
- أحمد، محمد حلمي محمد، 1959م، الخلافة والدولة في العصر العباسي، الطبعة الاولى، القاهرة،
- افندي، نظمي مرتضى افندي، كلشن خلفا، (د.ت)، العراق، التراث العربي.
- بوزوروف، كليفورد، 1995م، الترجمة: حسين علي اللبودي، الأسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، الطبعة الثانية، الكويت، دار الشراع العربي.
- بك، محمد امين زكي،1936م، خلاصة تاريخ الكرد وكردستان من اقدم العصور تاريخية حتى الان، المصر.
- حسن، قادر محمد، 2011، الامارات الكردية في العهد البويهي دراسة في علاقاتها السياسية والاقتصادية (334-447هـ/ 945-1055م)، اربيل، مطبعة رۆژهەڵات.
- الدوري، تقي الدين عارف،1975م، عصر امرة الامراء في العراق (324-334هـ/ دراسة سياسية اقتصادية اجتماعية،بغداد، مطبعة اسعد.
- زامباور، 1980م، معجم الانساب والاسرات الحاكمة في التاريخ الاسلامي، ت: زكي محمد حسن واخرون، لبنان، دار الرائد العربي.
- الصدفي، رزق الله منقريوس، 1923م، تاريخ دول الاسلام، مصر، مطبعة الهلال.

- عبدالرحيم طارق محمد عبدالرحيم، 2001م ، مينورسكي، الكرد في العصر الأسلامي حتى نشوء الخلافة العثمانية، (اربيل).
- فوزي، فاروق عمر، 2009م، الخلافة العباسية السقوط والانهيار، الطبعة الثالث، عمان.
- كبير ،مفاز الله، 2012م، الاسرة البويهية في بغداد(334هـ/964م-447هـ /1055م)، بغداد.
- الكرباسي، محمد صادق محمد، 2010م، معجم الدراسات الحسينية، المركز الحسيني للدراسات، لندن.
- مجاهد،حمادة محمد السيد، 1445هـ ، الحاجب سبكتكين التركي ودوره في الدولة البويهية ، مصر.
- النقشبندي، حسام الدين علي غالب 2011م، الكرد في لرستان الصغرى(الشمالية) و شهرەزور خلال العصر الوسيط(348-511هـ/959-1117م)(دراسة سياسية وحضارية)، سليمانية.

## ژێدەر بەزمانی ئینگلیزی:

-Madelung, w. The Minor Dynasties of Northern Iran In: The Cambridge History of Iran

## ژێدەرەکان بە زمانی فارسی:

- افشار، محمد رضا 1389هـ سالاريان(سلاريان) ال مسافر اذربيجان اوضاع تاريخي، سياسي، اجتماعي و فرهنگی، تهران.
- شاهمرادی ،سيد مسعود، آل مسافر و تشيع در ديلم و آذربايجان در قرن چهارم هجری ، تاريخنامه خوارزمی فصلنامه علمی - تخصصی ، سال سوم ، تابستا 1395ه.
- كسروي، احمد كسروي، شهرياران گمنام، مؤسسة انتشارات نكاه، (شمارگان2000).

## گۆڤارەکان:

-گوانی، جعفر نجم الدين، ٢٠٢٤م، تعامل صلاح الدين الايوبی مع غير المسلمين من منظور الاسلام، مجلة زانكو للعلوم الانسانية، جامعة صلاح الدين، اربيل، المجلد(28)، العدد(6).

## هيمنة وصراع المسافرين في شرق كردستان (أذربيجان) خلال سنوات (330-350هـ/941-961م)

سەركار على عمر
قسم التأريخ,كلية الأداب,جامعة صلاح الدين-
أربيل,إقليم كوردستان,العراق
qadeer.hassan@su.edu.krd

قادر محمد حسن
قسم التأريخ,كلية الأداب,جامعة صلاح الدين-
أربيل,إقليم كوردستان,العراق
Sarkarali24@gmail.com

**الملخص**

خضعت كردستان خلال العصور الوسطى, لتأثير هجمات وصراعات من أعراق وقوى مختلفة. واتسم النصف الأول من القرن الرابع الهجري بضعف الخلافة العباسية، إذ فقدت الخلافة هيبتها ، مما مهد الطريق لوقوع أجزاء عديدة من اراضيها في أيدي قوى و سلطات دخيلة ، وأصبحت المناطق الكردية جزءا من تلك التطورات التي احدثت بواسطة تدخل القوى الخارجية لشؤون آذربيجان و كردستان الشرقية. ومع ذلك، فإن تأثير تلك الهجمات واضح للغاية لدرجة أنه من المهم تحليله و شرح خلفية أصولها المختلفة، والتي سنناقشها بالتفصيل في محتوى بحثنا، اذ يهدف هذا البحث إلى تتبع أصل وظهور قوى الأسرة المسافرية ووصولهم إلى عدة مناطق من كردستان الشرقية والآثار والنتائج التي ترتبت على حكمهم هناك.

**الكلمات المفتاحية:** كردستان ، أذربيجان، ديلم، الكرد، المسافريون

## The Dominance and Conflict of Musaferian in Eastern Kurdistan (Azerbaijan) during the Years(330-350H/941-961D)

**Sahrkar Ali Omer**
Department of History, College of Arts, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Sarkarali24@gmail.com

**Qadeer Muhammad Hassan**
Department of History, College of Art, Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region, Iraq
qadeer.hassan@su.edu.krd

**Abstract**

During the Middle Ages, Kurdistan was subject to attacks and conflicts from various ethnicities and powers. The first half of the fourth century AH was characterized by the weakness of the Abbasid Caliphate, which lost its prestige, paving the way for many parts of its territory to fall into the hands of foreign powers and authorities. The Kurdish regions became part of these developments brought about by the interference of foreign powers in the affairs of Azerbaijan and Eastern Kurdistan. However, the impact of these attacks is so clear that it is important to analyze them and explain their various origins, which we will discuss in detail in the content of our research. This research aims to trace the origin and emergence of the power of the Musafiri dynasty, their arrival in several regions of Eastern Kurdistan, and the effects and consequences of their rule there.

**Keywords:** Kurdistan, Azerbaijan, Daylam, Kurds, Musafir